# Global Storybooks

globalstorybooks.net

مریشك و هەڵۆ

Ann Nduku
Wiehan de Jager
Agri Afshin

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 3.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0

# مریشك و هەڵۆ



Ann Nduku
Wiehan de Jager
Agri Afshin

3

کوردی ckb



ڕۆژێک لە ڕۆژان مریشك و هەڵۆ هاوڕێی یەکتری بوون. ئەوان پێکەوە لەگەڵ باڵندەکانی دیکەدا بە ئاشتی دەژیان. هیچ کامیان نەیاندەتوانی بفڕن.





کاتێ سێبەری باڵەکانی هەڵۆ لەسەر زەوی دەبینرێ، مریشك جوجەڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە: “لەو دەشتە دوور کەونەوە”، ئەوانیش دەڵێن: “ئێمە گەمژە نین و هەڵدێین.”



جارێکیان برسێتی رووی لە وڵات کرد. هەڵۆ دەبا مەودایەکی دووری بڕیبا بۆ ئەوەی خواردن پەیدا بکات. کاتێك گەڕایەوە زۆر ماندوو بوو، بۆیە گوتی: “دەبێ ڕێگایەکی ئاسانتر هەبێ بۆ گەشتکردن!”





ڕۆژی دواتر هەڵۆ هاتەوە، بینی مریشکەکە لە ناو خیزەکە دەگەڕێ، بەڵام دەرزیەکەی نەدۆزیوەتەوە. بۆیە هەڵۆکە وەک هەورە تریشقە هاتە خوارێ و یەکێک لە جوچکەکانی فڕاند و لە کێڵگەکە دوور کەوتەوە. ئیتر لەو کاتەوە هەڵۆکە دەیبینی کە مریشکەکە خەریکی لێکدانی خیزەکەیە بۆ دۆزینەوەی دەرزییەکە.



دوای خەوێکی شەوانەی باش، مریشك بیرۆکەیەکی ژیرانەی بە مێشکیدا هات. ئەو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پەڕە کەوتووەکانی باڵندەکانی هاوڕێی. مریشك گوتی: “وەرن با ئەو پەڕانە لە پەڕەکانی خۆمان بدروین.” لەوانەیە بەو شێوە گەشتکردن ئاسانتر بێت.





مریشك لە هەڵۆ پاڕایەوە: “تەنیا ڕۆژێك دەرفەتم بدەیە. ئەوکات دەتوانی باڵەکانت چاک بکەیەوە و دووبارە خواردن بەدەست بێنیت.” هەڵۆ گوتی: “تەنیا یەك ڕۆژی دیکە. ئەگەر دەرزییەکەت نەدۆزییەوە دەبێ لە جیاتی یەکێك لە جوچکەکانم بدەی.”



له گوندەکە دا تەنیا هەڵۆ دەرزی درووملانی هەبوو،
بۆیە یەکەم کەس بوو، دەستی بە درومان کرد.
ئەو جووتێك باڵی جوانی بۆ خۆی دووری و بە
بەرزی هەورەکان فڕی. مریشك دەرزییەکەی بە
قەرز وەرگرت، بەڵام زۆر زوو ملاندوو بوو لە
درووملانکردن. ئەو دەرزییەکەی لە ناو دۆڵابەکە
دانا و ڕۆیشت بۆ ئەوەی خواردن بۆ جوجکەکانی
لێنێت.





دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەڵۆ گەڕایەوە. داوای
دەرزییەکەی کردەوە بۆ ئەوەی هەندێك لە
باڵەکانی توووند بکاتەوە کە لە گەشتەکەیدا شل
ببوونەوە. مریشك ناو دۆڵابەکە گەڕا. ئەو
چێشتخانەکەش گەڕا. ئەو حەوشەکەش گەڕا.
بەڵام دەرزییەکە لە هیچ شوێنێك دیار نەبوو.



بەڵام باڵندەکانی دیکە دیتیان هەڵۆ بەسەر کێڵگەکەدا دەفڕێ. ئەوان داوایان لە مریشك کرد کە دەرزییەکەیان بە قەرز بداتێ تا ئەوانیش باڵان بۆ خۆیان بدرون. خێرا باڵندەکان لە ژێر ئاسمان دەستیان بە فڕین کرد.





کاتێك کە ئاخریین باڵندە دەرزییە قەرزکراوەکەی گەڕاندەوە، مریشك لەوێ نەبوو. جوچکەکانی دەرزییەکەیان وەرگرتەوە و دەستیان کرد بە یاریکردن پێی. کاتێك ئەوان لە یاریی کردن ماندوو بوون دەرزییەکەیان لەناو خیزەکە بەجێهێشت.